

خوزی حەمید

راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی گارە

# هەموو خەونێکم ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردستان ببینم

دیمانە: کارزان کانەبی

**سالآنە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان چەندین خولْ و پالّەوانیەتی بۆ کچانی یانەکانی کوردستان دەکاتەوە، کچە یاریزانانی یانەکانیش لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کێبڕکێ لەسەر نازناوەکان و خولەکان دەکەن، یەکێك لە کچە وەرزشکارە بەتواناکانیش کە خولیایەکی زۆری هەیە بۆ یاری تۆپی پێ ئارەزووی ئەوەی هەیە هەم وەکو راهێنەر و هەم وەکو یاریزانیش لەگەڵ تیپەکەی دەربکەوێ، خوزی حەمید راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی گارەیە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری دهۆکە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی دهۆك، پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی دهۆك و زاخۆ و گارە و سەنحاریب یاری کردەوە، ئێستاش راهێنەری تیپی گارەیە و ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزشی بە بەرنامەی پێشوەختە بوو، یاخود هەر لە ناکاو رووت لەم جیهانە کرد؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وەرزش بوو تا ئەو کاتەی گەیشتمە قۆناخی ناوەندی دەستم بە وەرزش کرد، دوایش لەگەڵ قوتابخانە بەشداریم کرد لە چەندین قارەمانیەتی لەسەر ئاستی پەروەردەی دهۆك، تا گەیشتمە ئەو ئاستەی کە ببمە یاریزانی یانەکان.

***بۆچی لە ناو هەموو یارییە وەرزشییەکان سەرنجت بۆ تۆپی پێ بوو؟**

-لە سەرەتا تۆپی پێ و تۆپی دەستم دەکرد لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام خۆم زیاتر لەتۆپی پێی بینییەوە، بۆیە ئەوم هەڵبژارد و زۆرتریش خویام بۆ تۆپی پێ بوو.

***وەکو راهێنەرێك ئاستی تۆپی فوتساڵ لە شاری دهۆك چۆن دەبینیت؟**

-لە سەر ئاستی وەرزشیی کچان دەتوانم بڵێم تۆپی پێی فوتساڵی کچان بەربڵاوترین وەرزشە لە شاری دهۆك و یاریزانەکانی ئەو شارە بەرزترین ئاستیان هەیە، نەك لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو عێراق، بەڵگەشم لە سەر ئەوە زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کچانی عێراق یاریزانانی دهۆکن.

*** ئەی لەسەر ئاستی کوردستان چۆنی دەبینی؟**

- ئاستی ئەم ورزشە لە کوردستان ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو پێش دەڕوات، بەڵام جێگای داخە خولی فوتساڵی کچان بەردەوامی نییە لە کوردستان، ئەگەر هەموو ساڵێك بە شێوەیەکی رێکوپێك خول بەڕێوە چووبا، بێگومان ئێستا تۆپی پێی کچان لە ئاستێکی زۆر زۆر بەرزتر دەبوو.

*** ماوەیەك دوور کەوتیتەوە لە وەرزشکردن هۆکاری چی بووو؟**

- هۆکاری دوورکەوتنەوەم بەهۆی ئەوە بوو کە تووشی پێکانێکی قورس بووم لە ئەژنۆم بۆ ماوەی ساڵێك و شەش مانگ دوورکەوتمەوە لە یاریکردن، بەڵام ئەو کاتەی لە پشوو بووم لە وەرزشکردن بۆ خۆم بە دەرەفەتم بینی بەشداربم لە خولێکی راهێنەرانی ئاستی C نێودەوڵەتی.

***بۆ ئەوەی یاری تۆپی فوتساڵ پێش بکەوێت چی بکرێت باشە؟**

-یەکەم هەنگاو دەبێت خولی فوتساڵ هەموو ساڵێك بەردەوامی هەبێت، دووەم یانەکان گرنگی بەم وەرزشەی کچان بدەن، هەر وەکو چۆن گرنگی بە تۆپی پێی کوڕان دەدەن، هەروەها راهێنەرانی تیپەکان نابێت بە بێ بڕوانامەی راهێنەرایەتی پەسند بکرێن لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، راهێنەران دەبێت خۆیان پێش بخەن لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی وەرزش و کەلوپەلی سەردەمیانە بەکار بێنن بۆ یاریزانەکان و واز لە راهێنانی کلاسیکی بێنن.

***گرفتی ئێوە لە یانەی گارە چییە؟**

-وەکو یانەی گارە قەیرانی ئابووری کێشەی گەورە بووەم هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە کەم یاریزانمان هەبێت و زۆر دەنگ دەستمان کرد بە راهێنان لەگەڵ وەستانی خولی فوتساڵ، ئێمەش بە ناچاری مەشقەکانمان وەستاند.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-هەموو خەونێکم ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردستان ببینم و لەژێر ئالآی کوردستان بەشدار بین لە قارمانیەتییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەها خولی تۆپی پێی فوتساڵ بەردەوام بێت و یاریگای گەورە لە سەر ئاستی کوردستان هەبێت.

*** ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

- سەرەتا تەنیا حەزێك بوو لەلام، بەڵام دواتر بە بەردەوامی وەرزشم دەکرد، ئێستاش بووەتە کاروپیشەم، بۆیە جگە لە وەرزشکردن هەموو هەوڵێك دەدەم خۆم پێش بخەم لەم بوارە، بەتایبەتی لە رووی زانستی و بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەتا بتوانم بە پێی توانای خۆم لەشارەکەم و لەکوردستان بەگشتی وەرزش پێش بخەم.

*** بە چ یاریزانێکی ناوخۆ و جیهانی سەرسامی؟**

-ئێستا زۆر یاریزانی باشمان هەیە لە یانەکانی کوردستان کاتێ یارییەکانیان دەبینم، پێیان دڵخۆشم، لە جیهانیش بە یاریزانی هەڵبژاردەی کچانی بەرازیل مارتاو یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمریکا ئەلکاس مورگان و باشترین یاریزانی مێژوویی لیونێل میسی.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

-مامۆستام لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی، بۆیە زۆربەی کاتم بۆ وەرزشکردنە لە کۆلێژ و لە یانەش.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا باسی بکەیت؟**

-بە هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی وەرزشی کوردستانم. بە هیوای سەرکەوتنیش بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەبێ جیاوازی وەرزشکارانی هەموو شارەکانی کوردستان بەسەردەکاتەوە.

# بەرشلۆنە چاوی لە یاریزانێکی ئەرسناڵە

مەسعود ئۆزێلی ئەڵمانی و یاریزانی یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی هەڵوێستی خۆی لەسەر پەیوەندیکردن بە یانەی بەرشلۆنە ئاشکرا کرد.

لە ماوەی رابردوودا چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ خواستی یانەی بەرشلۆنە بۆ گواستنەوەی مەسعود ئۆزێلی یاریزانی یانەی ئەرسناڵ بڵاوکردەوە.

رۆژنامەی زەسەنی بەریتانی بڵاویکردووە مەسعود ئۆزێل یاریزانی پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید ئامادەیە لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە گفتوکۆ بکات.

زەسەن بڵاویکردووە جگە لە یانەی بەرشلۆنە هەریەکە لە یانەکانی مانچستەر یونایتد و پاریس سان جێرمان گرنگی بە ئۆزێل دەدەن و دەیانەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانیان بگوازنەوە.

بەپێی هەمان سەرچاوە ئۆزێل ئامادەیە هەموو ئەو گرێبەستانە وەربگرێت کە لە یانە گەورەکانی ئەوروپا ئاراستەی دەکرێت.

گرێبەستەکەی ئۆزێل هاوینی ٢٠١٨ لەگەڵ ئەرسناڵ تەواو دەبێت و ئەگەری نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئارسناڵ لە ئارادا نییە.

ئۆزێل هاوینی ٢٠١٣ یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی بەجێهێشت و پەیوەندیکرد بەیانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی.





# سعودیە متمانەی بە ئەرژنتینیەکان هەیە

یەکێتی تۆپی پێی سعودیە راهێنەری نوێی بۆ هەڵبژاردەی یەکەمی دیاریکرد و پۆستەکەی بەخشییە خوان ئەنتۆنیۆ پیتزی ئەرژەنتینی .

یەکێتی تۆپی پێی سعودیە پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بەخشیوە خوان ئەنتۆنیۆ پیتزی ئەرژەنتینی وناوبراو جێیگەی باوزای هاونیشتمانی گرتەوە.

لەماوەی رابردوودا و دوای ئەوەی لە پێنج یاریی دۆستانەدا پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی سعودیەی لە ئەستۆدا بوو، یەکێتی تۆپی پێی سعودیە پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەکەی لە ئیدگاردۆ باوزا سەندەوە.

خوان ئەنتۆنیۆ پیتزی لە مۆندیالی روسیادا سەرکردایەتی تیمی هونەری هەڵبژاردەی سعودیە دەکات.

جێگەی باسە پیتزی راهێنەری هەڵبژاردەی شیلی بوو و نەیتوانی سەرکەوێت بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ بۆیە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە یەکێتی تۆپی پێی شیلی کرد.



# ئیکاردی رەفزی دا ریاڵ مەدرید

لەچەند رۆژی رابردوودا راپۆرتەکانی هەواڵ خواستی یانەی ریاڵ مەدریدیان بۆ گواستنەوەی مارۆ ئیکاردی بڵاوکردەوە و چەند سەرچاوەیەکیش رایانگەیاند ئیکاردی یانەکەی پایتەختی ئیسپانیای رەتکردووەتەوە.

راپۆرتەکانی هەواڵ لە ئیتاڵیاوە بڵاویانکردووە ئیکاردی بە نەخێر وەڵامی داواکەی ریاڵ مەدریدی داوە و خواستی خۆی بۆ مانەوە لە ئینتەرمیلان ئاشکرا کردووە.

رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی هەواڵێکی میدیاکانی ئیتاڵیای بڵاوکردووە، کە تێیدا هۆکاری سەرەکی رەتکردنەوەی گرێبەستەکەی ریاڵ مەدریدیان لە لایەن ئیکاردی ئاشکرا کردووە.

بەپێی هەواڵەکە واندا نارای هاوسەری ئیکاردی، کە لەهەمان کاتدا بەڕێوەبەری کارەکانیەتی نایەوێت شاری میلانۆی ئیتاڵی بەجێبهێڵێت و لەگەڵ پێنج منداڵەکەی روو لە شارێکی دیکەی ئیتاڵیا یاخود وڵاتێکی دیکە بکات.

پێشتریش لۆچیانۆ سپالێتی راهێنەری یانەی ئینتەرمیلان لە بارەی رۆیشتنی ئیکاردی بۆ یانەی ریاڵ مەدرید رایگەیاندبوو هێرشبەرە ئەرژەنتینییەکە دەخوازێت تا کۆتایی ژیانی یاریکردنی یاری بۆ ئینتەر بکات.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ یانەی ریاڵ مەدرید گرێبەستێکی بەبڕی ١١٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ گواستنەوەی ئیکاردی پێشکەشی یانەی ئینتەرمیلان کردووە، بەڵام بەنەخێر وەڵامی وەرگرتووە.



# هەڵگورد
# لەگەڵ برایەتی ڕێککەوتووە

هەڵگورد مەلامحەممەدی یاریزانی پێشووی یانەکانی هەولێر و جەوییە لە خولی نایابی عێراقی لەگەڵ ئەم دوو یانە لە وەرزەکانی رابردوو ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، دوای ماوەیەکیش بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی برایەتی مۆرکرد، بۆ ئەوەی تەنیا لە خولی کوردستان یاری بکات و پەیوەندی بە خولی عێراقی نەکات، بەڵام بە هۆی بەشداریکردنی یانەی سلێمانی لە خولی عێراق و دیارنەبوونی چارەنووسی خولی کوردستان، هەڵگورد لە بڕیارەکەی پەشیمان بوویەوە و بڕیاری دا جارێکی تر بگەڕێتەوە خولی نایابی عێراقی، بەڵام بە دوورخستنەوەی یانەکانی سلێمانی و هەولێر و گازی باکوور هەڵگوردیش لەم خولە بێبەش بوو، ئەویش پەیوەستە بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ برایەتی مۆری کردبوو لە ماوەی رابردوو، لەبارەی مانەوەشی لە برایەتی هەڵگورد مەلا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پەیوەندیم بە یانەی سلێمانی کردبوو، بەڵام یانەکەش بەشدار نابێ لە خولی عێراقی، پێشووتریش ئاماژەم بەوە دابوو کە من سوورم لەسەر بڕیاری خۆم و هەر یاریزانی برایەتیم و پەیوەستم بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ برایەتی هەمە، لەگەڵ یانەی سلێمانیش بێ بەرامبەر گرێبەستم هەبوو.» لەبارەی بوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: «چەندین گرێبەستم هەبووە لە یانەی تەلەبە و لە چەند یانەیەکی باشووری عێراق و چەند یانەیەکی شاری بەغدا، بەڵام من ئێستا هەوڵدەدەم هەموو هەولێکم بۆ ئەوە بێت بتوانم لەگەڵ برایەتی ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنم.»



# سەردار ئیسماعیل سێ بڕوانامەی دیکەی بەدەستهێنا




سەردار ئیسماعیل یاریزان و راهێنەری نێودەوڵەتی لە یاریی لەشجوانی کە لەسەر ئاستی جیهان خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، ماوەیەکیشە کوردستانی جێهێشتووە و لە وڵاتی کەنەدا نیشتەجێ بووە، لەو وڵاتەش ئێستا سەرەڕای خوێندنی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر، ئەو پاڵەوانە کوردە بەردەوامە لە وەرزشکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی بتوانێ پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، لە بارەی بەدەستهێنانی بڕوانامەکانیشی سەردار ئیسماعیل بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە لە وڵاتی کەنەدام و هەموو هەوڵێکم ئەوەیە بتوانم خوێندنەکەم تەواو بکەم و بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنم، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا بەردەوامم لە وەرزشکردنەکەم و رۆژانە خەریکی مەشقە وەرزشییەکانی خۆمم بۆ ئەوەی بتوانم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم وەکو یاریزانێك و بەرنامەی زۆریشم دەبێت بۆ ساڵی نوێ بۆ ئەوەی بتوانم بەشداری چەند خول و پاڵەوانیەتییەك بکەم.» لە بارەی بەشداریکردنیشی لە خولەکان زیاتر گوتی: «لە سێ خۆلی جۆراوجۆر بەشداریم کردووە لە بواری خۆراك و راهێنان لە ئەکادیمیای pftaی ئەمریکی سێ بڕوانامەی جیاوازم بەدەست هێناوە، هەوڵدەدەم ئەنجامی باش و دڵخۆشکەر بۆ خۆم بەدەست بهێنم، بەرنامەشم هەیە بەشداری پاڵەوانیەتیش بکەم و گرنگی بە توانای جەستەیی خۆم بدەم.» جێگای ئاماژە پێکردنە سەردار ئیسماعیل چەندین بڕوانامە و مەدالیای زێڕی لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهانیش بەدەست هێناوە .

# نوێنەرەکەی کوردستان خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ نوێنەری یانەکانی هەرێمی کوردستان لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە ئەمساڵ جیاواز لە تیپەکانی تری خولەکە پارەیەکی زۆری سەرف نەکردووە و زیاتر پشتی بە یاریزانانی شارەکەیان بەستووە و دەیانەوێ بەو یاریزانە لاوانە بتوانن ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن و بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپە گەورەکانی خولەکە بکەن، بەڵام یانەکەش پلانی خۆی هەیە بۆ ئەوەی تیپەکە بەهێز بکات، لە بارەی بەهێزکردنەوەی تیپەکەش محەمەد یوسف راهێنەری تیپی تۆپی پێی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپی تۆپی پێی یانەکەمان تیپێکی تەواو لاون و توانای ئەوەیان هەیە کە بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ تیپە بەهێزەکانی عێراق بکەین، ئەمساڵیش خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەهێزە، چونکە تیپەکان ژمارەیان کەمە و هەمووی یاریزانی باش و پیشەگەریان هێناوەو ئامادەکاریی پێویستیشیان کردووە، ئێمەش وەکو یانەی زاخۆ هەوڵدەدەین لە کاتی گواستنەوەی یاریزانان چەند یاریزانێکی باش بهێنین بۆ ریزی تیپەکەمان بۆ ئەوەی لە هەر هێڵێك گرفتمان هەبێت پڕی بکەینەوە و کێشەکانمان چارەسەر بکەین، ئومێدی زۆریشمان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین ئەنجامەکانمان باش بکەین.»